# دیاردەی خۆکوشتن هۆکار و چارەسەریەکانی

[ کردي – کوردی – kurdish ]

حاجی ئومێد چرۆستانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# ﴿ ظاهرة الانتحار: الأسباب والعلاج ﴾

« باللغة الكردية »

أوميد عمر علي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# دیاردەی خۆکوشتن هۆکار و چارەسەریەکانی

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان و درود و صەڵات وسەلامیش بۆ سەر گیانی پایکی پێشەوای مرۆڤایەتی محمد المصطفی وئال و بەیت و یار وریاوەرانی هەتا ڕۆژی دوایی ،

خۆشەویستان لێرە ولەوێ ڕۆژانە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە گوێمان لێ دەبێت لە فلان گوند ولە فلان شارو شارۆچکە گەنجێك، لاوێك، مێرد منداڵێك، خۆی خنکاندووە، یان ئافرەتێك خۆی سووتاندووە، یان بە فیشەكێك كۆتایی بەژیانی خۆی هێناوە، ئەم دیاردە مەترسیەی کە ڕووی لەکۆمەڵگای کوردی کردووە ڕۆژ بەڕۆژ ڕووی لەهەڵکشانە وپێویستە لەسەر بەرپرسان و خەمخۆرانی ئەم گەل وووڵاتە بیرێك لەهۆکارەکانی ئەم دیاردە مەترسیە بکەنەوە وپاشانیش بەهەموو لایەکیانەوە چارەسەری گونجاوی بۆ دابنێن.

لەهەمووی زیاتر ئەوەیشی جێگای خەم وخەفەتە ئێم ەی کورد زمان لە کۆمەڵگایەکی موسڵمان و بەناو ئیسلامیشدا دەژین کە ئاینەکەمان زۆر ڕێزی لە مرۆڤایەتی و گیان و ڕۆحی ناوە و حەرام و قەدەغەی کردووە کە بەبچوکترین شێوە ئازاری دەرونیشی بدرێت تا چ جای ئەوەی دەگاتە کوشتن و کۆتایی پێهێنانی .

ئازیزان لەم ڕوانگەیەوە حەزم کرد بەخێرای تیشکێك بخەمە سەر هەندێك لەو هۆکارە کۆمەڵایەتی و دەوونیانەی کە پاڵنەری کەسانی نەزان وجاهلین بۆ پەنابردنە بەر خۆکوشتن و کۆتایی هێنان بەژیانی خۆیان :

**یەکەم :** لاوازی هاندەری دینی لای ئەو کەسانەی پەنا دەبەنە بەر خۆشکوشتن وهەست نەکردن بە مەترسی و گەورەیی ئەم تاوانە کە پاشتر دەبێتە هۆی مەحرومکردنی ئەو نەفەسەی کە خوای گەورە پێی بەخشیوە و مافی ژیانی هەیە لە دونیادا، ئەمە جگە  لە جەهل بێ ئاگایی ئەو کەسانە لە سزای نەبڕاوەی دۆزەخ لە پاشە ڕۆژدا .

**دووەم :** لاوازی باوەڕ و ئیمان وکامڵ نەبوونی لای ئەو کەسانەی کە پەنا دەبنە بەر خۆکوشتن و کۆتایی هێنان بەژیانی خۆیان، بەشێوەیەك باوەڕیان بە قەزاو وقەدەری خوای گەورە تەواو و دامەزراو نییە، چۆن کەسێك باوەڕی بەخوای گەورە بەهێز بێت وڕازی بێت بەو قەزاو قەدەرەی پەروەردگار بۆی دیاریکردوە لەژیانیدا پەنا دەباتە بەر خۆکوشتن، چونکە خۆکوشتن بەڵگەیە لەسەر ڕەخنەگرتن وڕازی نەبوون بەو قەدەرەی خوای گەورە بۆی دیاریکردوویت، کەس  ێك باوەڕ ی بەخوای گەورە دامەزراو چەسپاو  بێت  لەناخ و دڵو دەروونیدا دونیای بۆیە دەوێت تا بیکاتە کێڵگەیەکی بەپیت          وبەرەکەت   بۆ مسۆگەرکردنی ژیانی دواڕۆژ و    خوا  لەخۆ ڕازی کردن، بۆیە

هەمیشە سەیری ئەو ئاسۆ و ئامانجە ڕوونەدەکات ، و کۆسپ وناخۆشی وتەگەرکانی دونیا وای لێ ناکات پەنا بەرێتە بەر خۆکوشتن، هەروایشە ئەگەر لێکۆڵینەوەیەك لەسەر ئەو کەسانە بکرێت کە پەنایان بردۆتە بەر خۆکوشتن بۆ کۆتایی هێنان بەژیانی خۆیان سەرجەمیان ئەو کەسانەن کە لەدونیادا هیچ ئامانجێکیان نەبووە لەژیانیاندا و کەسانێکی نەزان و باوەڕ لاواز بوون .

**سێهەم :** نەزانی و خراپ تێگەیشتنی ئەو کەسانەی کە پەنا دەبەنە بەر خۆکوشتن لە هەقیقەتی کۆتای هێنان بەژیانی خۆیان، بەوەی وا دەزانن بەم کارەیان سنوورێك دادەنێن بۆ ئەو ناخۆشی ونەهامەتیانەی کە دووچاریان بووە لەژیانیاندا ، وبەم کارەیان کۆتایی دەهێنن بەو گرفتانەی کە ناتوانن چارەسەریان بکەن، بۆیە پاش ماندوو بوون لە چارەسەکردنیان پەنا دەبەنە بەر خۆکوشتن بە ئومێد وهیوای ئەوەی ئیتر کەمێك پشوو بدەن و بۆ ساتێك لەم دونیا پڕ لەجەنجاڵیە ڕزگاریان ببێت، بەڵام ئەو کەسانە نازانن دەرگای ناخۆشی و نەهامەتیەکانیان ئەو کاتە دەست پێدەکات کە بەدەستی خۆیان کۆتایی بەژیانی خۆیان دەهێنن، ئەی ئەوە نییە خوای گەورە لەبارەی ئەو کەسەی کە نەفسێك دەکوژێت چی دەفەرموێت : ﴿مَن قَتَلَ نَفۡسَۢا بِغَيۡرِ نَفۡسٍ أَوۡ فَسَادٖ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ ٱلنَّاسَ جَمِيعٗا﴾ {الانعام : 32} واتە : هەرکەسێك نەفسێك بکوژێت

بەبێ هیچ هەق ومافێك وبەبێ ئەوەی كەسێكی تری كوشت بێتیان خراپە وتاوان بڵاو بكاتەوە لەسەر زەویدا ئەوە وەك ئەوە وایە هەموو خەڵكی كوشت بێت .

بێگومان لەئاینی پیرۆزی ئیسلامدا مرۆڤ خاوەنی نەفس و دەروونی خۆی نییە تا سەربەست بێت چی پێ دەكات و چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەكات، بەڵكو خاوەنی هەقیقی هەموو دەروون و نەفسەكان خوای گەورەیە، ودەروون وگیانی مرۆڤ تەنها ئەمانەتێكی خوای گەورەیە لای مرۆڤەكان بۆیە دەبێت بەچاكترین شێوە مامەڵە لەگەڵ ئەم ئەمانەتەی پەروەردگاریاندا بكەن .

پێغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم) لەم بارەیەوە فەرموویەتی : « مَن قتل نفسه بشيء في الدنيا عذب به يوم القيامة » {رواه البخاري ( 5700 ) ومسلم ( 110)} واتە : هەركەسێك بەشتێك خۆی بكوژێت لەرۆژی دواییشدا هەر بەوە سزا دەدرێت .

لەفەرموودەیەكی تریشدا فەرموویەتی : « كان فيمن كان قبلكم رجل به جرح فجزع فأخذ سكيناً فحز بها يده فما رقأ

الدم حتى مات . قال الله تعالى : بادرنى عبدى بنفسه حرمت عليه الجنة » {رواه البخاري ( 3276 ) ومسلم (113)} واته : له ئوممەتانی پێش ئێوە پیاوێك برینداربوو پاشان چەقۆیەكی هەڵگرت وكردی بەخۆیدا، ئەوەندە خوێنی لێچوو تامرد، خوای گەورە فەرمووی : عەبدەكەم دەستی خۆی پێشخست و خۆی كوشت بۆیە منیش بەهەشتم لەسەر حەرام كرد .

**چوارەم :** ئارام نەگرتن وهەڵەشەیی وهەڵچوون و تووڕەیی بێ ڕادە لای ئەو كەسانەی كە پەنا دەبە بەرخۆكوشتن، و خۆتەسلیم كردن بە نائومێد وبێ هیوای لەژیان، ئەمەش شوێنكەوتنی هەنگاوەكانی شەیتانی نەفرین لێكراوە كە خوای گەورە مرۆڤ ونەوەكانی ئادەمی لێ ئاگاداركردۆتەوە كە نەكەن شوێنی بكەون، وەك دەفەرموێت : ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّبِعُواْ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيۡطَٰنِۚ وَمَن يَتَّبِعۡ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيۡطَٰنِ فَإِنَّهُۥ يَأۡمُرُ بِٱلۡفَحۡشَآءِ وَٱلۡمُنكَرِۚ ﴾ {النور : 21} واتە : ئەی ئەو كەسانەی كە باوەڕتان هێناوە شوێن هەنگاو پلانەكانی شەیتان مەكەون، چونكە هەركەسێك شوێن هەنگاوە كانی ئەو بكەوێت ئەو بێگومان فەرمانی پێ دەكات بە خراپە وتاوان .

جا چی شتێك لەوە خراپ و تاوان ترە کە مرۆڤ دەستی بچێتە دەروونی خۆی و کۆتاجار خۆی بکوژێت و شەیتانی نەفرین لێکراو بەو کارەی دڵخۆش بکات .

**پێنجەم :** نەبوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و سستەمێکی تۆکمە توندوتۆڵ کە لەسایەیدا تەواوی خەڵکی ئەم وولاتە هەست بە ئاسوودەیی بکەن، چونکە ئەو سستەمەی ئێستا کاری پێ دەکرێت سستەمێکی کۆن و ئیکسپایەر بووە، ودەرد و زامەکانی ئەم نەوەیەی ئێستا سارێژ ناکات، بۆیە دەبینین گەنجێك جا چ کوڕ بێت یان کچ پاش هەوڵو ماندوو بوون وشەونخونیەکی زۆر بەهەر شێوەیەك بێت قۆناغی ئامادەیی تەواو دەکات کەچی لەسایەی سستەمی سەقەتی پەروەردەیی ئەم هەرێمە لە زانکۆیەکی حوکمی وەرناگیرێت و دەسەڵات وتوانای زانکۆ ئەهلیەکانیشی نییە وەك کوڕ وکەسوکاری بەرپرسە باڵاکانی ئەم وولاتە، یان زۆرێك لە قوتابیان و خوێندکارانیش پاش ئەوەی بەهەر کوێرەوەریەك بێت زانکۆ تەواو دەکەن کەچی لەکۆتاییدا دەرفەت وهەلی دامەزراندنیان بۆ نارەخسێنرێت تاوەکو بە پلەکانی ژیاندا سەربکەون و بگەنە خەونەکانی خۆیان، بۆیە هەرچی دەیهێنیت و دەیبات و بیری لێ دەکاتەوە بەبۆچوونی خۆی مانایەك نەماوەتەوە بۆ ژیان، لەبەر ئەوە لەکۆتاییدا پەنا دەباتە بەر خۆکوشتن، ئاخر کەی مەعقولە ئەو هەموو داهات وبوودچە زەبەلاحەی دێتە

کوردستان زۆرێکی دەچێتە باخەڵی کۆمەڵە کەسێکی دیار وناسراو وخزمانیانەوە، زۆرینەی کۆمەڵگای کوردیش دەبێت هەر زڵتەی چاوی بێت، هەر ئەمەیش وای کردووە، دوو ئاستی زۆر لەیەك دوور دروست ببێت، ئاستێکی زۆر دەوڵەمەند و زەنگین کە لەهیچ شتێکی ژیان و خۆشگوزرەانی کەمیان نەبێت، ئاستێکی زۆر هەژار وکەم دەرامەتیش کە هەرچی دەکەن ناگەن بەدابینکردنی پێداویستی وخواستەکانی ژیانیاندا، هەر ئەمەش وایکردووە زۆرینەی خەڵکی ئەم هەرێمە لە حکومەت و سیاسەتەکانی نیگەران بن وهیچ ئینتمایەکیان نەمێنێت بۆ نیشتمانەکەیان .

**شەشەم :** ئەو کرانەوە بەناو ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنە بێ شومارە ناتەندروستەی کە بەسەر هەموو جیهاندا باڵی کێشاوە، وای کردووە لە نەوەی نوێی ئەم سەردەمە لاساییەکی کوێرانەی ڕۆژئاواو وولاتانی تر بکەنەوە و پێیان کاریگەربن وگوێ نەدەن بە دەستگرتن بەداب و نەریتە ڕەسەکانی کوردەواریی، ئەمەیش وای لەزۆرێك گەنجان ولاوان کردووە پێناسی خۆیان لەدەست بدەن .

**حەوتم :** زۆربوونی گرفت و تەنگەژە خێزانیەکان کە زۆرێك لەکۆمەڵگەکانی جیهانی ئیسلامی پێوەیان دەناڵێنێت، دەرەنجامی ئەمەیش وایکردووە کە هەندێك لەخێزانەکان

لەبەریەك هەڵبوەشنەوە، ودیاردەی كۆمەڵایەتی نەشیاو ناباو بڵاو ببێتەوە كە دیاریترینیان بریتیە لە دیاردەی خۆكوشتن .

**چارەسەریەكانی دیاردەی خۆ كوشتن :**

چارەسەری سەرەكی بۆ بنەبڕكردنی ئەم دیاردە پڕ مەترسیە گەڕانەوەی ڕاستگۆیانەیە بۆلای پەروەردگاری بەرز وبڵند وپابەند بوون بە فەرمانەكانیەوە و دووركەوتنەوە لەقەدەغە وباساغكراوەكانی، ئەمەش بە پەروەردەیەكی دروستی ڕاستی باوەڕدارانە دەكرێت كە ئەم خاڵانەی تێدا ڕەچاو بكرێت :

**یەكەم :** پابەند بوونی كۆمەڵگەكەمان بە پەروەردەكردنی تاكەكانی بەپەروەردەیەكی ئیسلامیانەی ڕاست ودروست وجێ بەجێكردنی لەواقعی ئێستاماندا، بەشێوەیەك چارەسەری سەركەوتوو و گونجاو بۆ سەرجەم كێشە وگیروگرفت ودیاردە كۆمەڵایەتیە نەشیاو وناپەسەندەكان دەست نیشان بكات .

**دووەم :** ئاگاداركردنەوەی تاكەكانی كۆمەڵگا لەمەترسی ئەم دیاردەیە بەگشت ڕێگاكانی ڕاگەیاند وپەروەردە وفێكردن و تەرخانكردنی ووتارەكانی هەینی بۆ ئەم بابەتە لەلایەن مامۆستایانی ووتار بێژەوە .

**سێهەم :** بەهێزكردنی هەستی چاودێری كردنی پەروەردگار بۆ بەندەكانی، چونكە ئەو كەسەی ئاگاداری ئەوە بێت كە خوای

گەورە هەمیشە وهەردەم ئاگای لێیەتی و چاودێری ئەكات ولێی غافڵ نابێت وا لەمرۆڤ دەكات كە نەكەوێتە شوێن پلان و هەنگاوە نەگریسەكانی شەیتان و شوینكەوتوانیەوە، دواجار وای لێ دێت كە بەهیچ شێوەیەك دەستی ناچێتە خوێنی خۆی بۆ ئەوەی خۆی بكوژێت، چونكە ئەزانێت لە ڕۆژی دواییدا خوای گەورە لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەكات لەسەر گشت كاروكردەوەكانی .

**چوارەم :** هەوڵدان بۆ تێگەیشت لە بارودۆخی ئەو كەسانەی كە هەوڵی خۆ كوشتن دەدەن، پاشان دەستی یارمەتیان بۆ درێژ بكرێت و كەمووكورتیەكانیان بۆ پڕبكرێتەوە ویارمەتیان بدرێت بۆ چارەسەركردنی كێشە كۆمەڵایەتیەكانیان .

**شەشەم :** لێكۆڵینەوەیەكی وورد بكرێت لەلایەن كەسانی پسپۆڕ ولایەنە پەیوەندی دارەكان بەم كێشانەوە، بۆ ئەوەی لەو هۆكارانە بكۆڵرێتەوە كە دەبنە هۆی خۆكوشتنی كەسەكان، تا دواتر سەرجەم ڕێگاكانی خۆپاراستن بگرێتە بەر بەهاوكاری و هەماهەنگی سەرجەم چین وتوێژەكانی كۆمەڵگا.

**حەوتەم :** هێنانەكایەی دادپەروەری كۆمەڵایەتی ئەویش لەڕێگای دانانی سستەمێكی تۆكمە وتوند وتۆڵەوە، تاوەكو سەرجەم خەڵكی ئەم نیشتمانە سوود مەندبن لەداهات وخێر وبێری هەرێمەكەیان، هەر ئەمەیشە دەبێتە هۆی دروستكردنی

ئینتما وخۆشەویستی بۆ گەنج ولاوان کە خاکەکیان خۆش بوێت و ئامادە بن بەهەموو شێوەیەك بەرگری لێ بکەن، چونکە ئەم (جیلە) سەرمایەیەکی بەنرخی ئەم وولاتەن، وە گەرنا دەبێت چاوەڕوانی دیاردەی ترسناکتروخراپتر لە خۆکوشتن بکەین .

**هەشتەم :** دابین کردنی هەلی کاری گونجاو بۆ گەنج ولاوان بەهەردوو ڕەگەزەکەوە، بەتایبەتی بۆ دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکان کە سالأنێکی دور ودرێژە بەسەرما و گەرما ونەبوونی توانیویانە بڕوانامەیەك بەدەست بهێنن.

لەکۆتاییدا لەخوای گەورە داواکارم هەموو لایەکمان سەربەرز و سەرکەتوو وسەرفراز بکات بۆ زیاتر خزمەتکردنی دین وژینی گەل ونیشتمانەکەمان.